



# جۆلانێ لە دیکۆری ماڵەکەت

دیکۆری ماڵەکەت تا چەند ڕەنگین و ناوازە بێت، دەبێتە کەسێکی کارامە و دەستڕەنگین، بۆیە تا دەتوانی گرنگی بە کەرەستە و کەلوپەلەکانی ماڵەکەت بدە، ئەو ڕێگا و هەنگاوانەی پەیوەستن بە خۆشکردنی کەشی ماڵەکەت بۆی دابین بکە، یەکێك لەو کەرەستانەش کە هەمیشە خۆشەویستە لەلای هەموان، (کەرەستەکانی جۆلانێ)یە، لەناو ئەو بێشکە بچووکەدا هەستێکی خۆش و ئارامکردنەوەی مرۆڤ بەدی دەکەیت، جۆلانێ لە ماڵدا چەندین شێوەی هەیە لەوانە: کورسیی خولاو، کە دەکرێت لە شوێنێك، یان لە قوژبنێکی دابنێیت و لە پەنجەرەش نزیك بێت، تا دەرەوە ببینیت و جۆلانێش بکەیت. پێخەفی جوولاو، جۆرێکی دیکەی جۆلانێیە، کە دەجوولێتەوە و ناوەستێت، هەندێکیان بە کارەبا و هەندێکی دیکەش بە دەستن. جۆلانێی پەلکە زێڕینە، بریتییە لە هەڵواسینی پارچە قوماشێك کە لەلایەکی لە دیوار دەدرێت و بەشێکی دیکەی هەڵدەواسرێت، کەشێکی خۆشی جۆلانێ دروست دەکات. جۆلانێی ئاسنین، جۆرێکی دیکەیە دەکرێت لە باخچەی ماڵ، یان لە بالکۆنە دابنرێت، دیمەنێکی ناوازە و جوانیشی هەیە. جۆلانێی سەقف، جۆرێکە کە بۆ منداڵان دەشێت، بە گوریس لە سەقفی ماڵ دەبەسترێت، بۆ ئەوانە گونجاوە کە منداڵی بچووکیان هەیە و لەوێ دایبنێن تا کاروبارەکانیان بە سانایی جێبەجێ بکەن.





# خشل و ئێکسسواری خانمانی بووک





خشل و ئێکسسوارەکان لە هەموو وەرزەکاندا جیاواز دەبن و لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوادا پێویستە کەرەستەکانیش گۆڕانکارییان بەسەردا بێت، بەتایبەت مۆدەکانی ئێکسسواری بووك، چونکە ئەگەر لەسەر هەمان شێوە و مۆدی پێشتر بڕۆی، وەك ئەوە وایە لەسەر کلاسیك ڕێگەت گرتووە و لە ڕۆژی زەماوەندا سەرنجڕاکێشیت پێوە دیار نابێت. مارکە تازەکانی ئێکسسوارەکان بەگشتی و مارکەی (بولگاری) بەتایبەتی لە بەرهەمی تازەی ئێکسسواری بووکدا گرنگییان بە خشڵی بەردین و ڕۆبی و زەمرد داوە، کە لە مۆدەیەکی تازەدا بە ناوی (شۆمیە- chaumet) نمایشی کردوون و، بریتیین لە هەموو ئێکسسوارەکانی خانمانی بووك، لەوانە: گوارە، تاجەگوڵی سەر، ملوانکە، گوارە، ئەڵقە، ئەنگوستیلە و بازن، جگە لە کەرەستە زێڕ و ئەڵماسەکان، هەروەها دەتوانن بەشێکی دیکەی ئێکسسوارەکانی بەرد، یان ئەوانەی زێڕ و ئەڵماسن، بەشی سەرەوەوە و پێشەوەی خشڵەکە لە خشڵە بەردینەکان بێت. مەرج نییە تەنیا زێڕ و ئەڵماسەکان دیار بن، بەڵکو دەکرێت خشڵەکانی بەردینیش لەبەر بکەیت.








# پێڵاو و سەندەڵ بۆ وەرزی گەرما

وەرزی گەرما، کەشێکە جگە لەوەی هەمووان تووشی گەرمای بەتێن دەکات، هەروەها پلەی گەرمیی لەشیش بەرز دەکاتەوە، وێڕای ئەوەی لەو وەرزەدا دەبێ هەندێ جل و پۆشاك هەڵبژێریت و لەبەری بکەیت تا دوچاری گەرما نەبیتەوە، جگە لەوەی پێویستە جلی تەنك و قوماشی دژەگەرما لەبەر بکەیت، هەروەها بۆ پاراستن و جوانکردنی پێیەکانت، پێویستە پێڵاوێکی چاکت هەبێت، تا پێیەکانت لە عارەقەکردن و سووربوونەوە بپارێزیت، دوای ئەوەی کراسێك، یان پانتۆڵێکی جینزی تەنك هەڵدەبژێریت، دەکرێت پێڵاوێکی وەرزشی وەك: کاڵا، سەندەڵ لە پێ بکەیت، بە مەرجێك پێڵاوەکەشت لە ماددەی تەنك بێت و کون و کەلەبەری هەبێت، تا هەواگۆڕکێ بکات، چونکە نەبوونی ئەو دوو سیفاتە پێیەکانت تووشی عارەقەکردن دەکات و جگە لەوەی ئازارت دەدات، هەروەها بۆنیشی ناخۆش دەبێت، پێڵاوی وەرزشی یان سەندەڵ، جگە لەوەی دژەخۆرن، هەروەها مۆدێکی ناسك و نایابیان هەیە، بەتایبەت ئەگەر لە ڕەنگەکانی سپی و پەمەیی و شین بن.

# برۆ سەیرەکانی کچە ڕووسییەکە



ئەوانەی لە نزیك و دوور برۆی ئەو کچە دەبینن، نزیکی دەبنەوە ئەگەر وێنەشی لەگەڵ نەگرن، گاڵتەی پێدەکەن، بەهۆی ئەوەی برۆکانی لە شێوەی کەرتە کەرپووچێك وایە، ئەو کچە ناوی (ئەنجلیکا پرۆتۆدیاکۆنۆڤا)یە، تەمەنی (٢٣) ساڵە، دانیشتووی ناوچەی (یاکوتیا)ی ڕووسییە، بەهۆی هەڵەیەکی جوانکاری و نەشتەرگەری چاککردنی برۆکانیەوە، بەشێکی زۆری برۆکانی مووی لێدێت و کە هێندەی دوو پەنجەی مرۆڤ دەبێت، برۆی ئەو کچە ڕووسییە بۆتە جێگەی سەمەرەی زۆربەی خەڵك، تەنانەت هەندێك لە هاوڕێکانی ئەو کچە هەمان ئەو شێوە ماکیاژە بۆ برۆکانیان دەکەن، تا کچە هاوڕێکەیان لە نێو خەڵکدا نەشکێتەوە و حاڵەتە دەگمەنەکەی لەلا ئاسایی بێت.



## قاوەخانە و چێشتخانەی بووکەشووشە

زۆرن ئەوانەی حەز بە بووکەشووشەکان دەکەن، بەتایبەتی ئەوانەی کە بە باڕبی ناسراون، زۆربەی کچانیش دانەیەك، یان چەند دانە بووکۆڵەی باڕبییان لە ماڵدا هەیە، لەم دواییە وەك دڵدانەوەیەك بۆ ئەوانەی حەز بە باڕبییەکان دەکەن، قاوەخانە و چێشتخانەیەك دروست کراوە کە تەواوی شوێنەکە لە ڕەنگ و شێوە و بە ناسکیی بووکەشووشەکان دروستکراون، ئەو قاوەخانەیە دەکەوێتە شاری (تایبە)ی پایتەختی تایوان، تەنانەت خواردن و خواردنەوەکانیش لە ڕەنگی پەمەییە، قاوەخانەکە ناوی (هێلۆ کیتی)یە و تێچووی دروستکردنی ئەو شوێنە (١) ملیۆن دۆلاری تێچووە، کە دەکاتە (٥٠) ملیۆن تیدەبلیۆی تایوانی، زۆربەی کەرەستەکان لە پاشماوەی کچە شازادە و کچە شاکانی جیهان هێنراون، تا ئەوانی سەردانی ئەو شوێنە دەکەن، هەست بە گەورەیی و ناسکی بکەن.

# بچووکترین و درێژترین کچ سەرسامت دەکات

ڕەنگە بڕوا نەکەن تەمەن و درێژیی باڵای ئەو کچە بەریتانییە چۆنە و چەندە، ئەو کچە ناوی (سۆفی هۆلین)ە و دانیشتووی شاری ساومبتۆنی بەریتانیاییە، تا ئێستا خاوەن درێژترین باڵا و بچووکترین تەمەنە، درێژیی باڵای دەگاتە (١٨٩) سەنتیمەتر، ئەوەی سەیرە تەمەنی تەنیا (١٢) ساڵە، بێگومان حاڵەتێکی دەگمەن و سەیرە، ئەو کچە لە تەمەنی (٨) مانگیدا تووشی نەخۆشییەك بووە بە ناوی (مارفان)، کە هۆکارێکە بۆ دروستکردنی خانەکانی جەستە بە شێوەیەکی خێرا و بەبێ وەستان، ئەوەش وایکردووە کە لە تەمەنی (٦) ساڵیدا درێژی باڵای بگاتە (١٢٥) سەنتیمەتر، لە ئێستادا دکتۆرەکانی ئەو کچە هەوڵدەدەن ڕێگری لە گەشەکردنی جەستەی بکەن، ئەوەش بە چاندنی دژە گەشەی خانەکان لە ئەژنۆیدا، سۆفی دەڵێ: بێگومان حاڵەتەکەم سەیرە و هاوڕێکانم بە زەبەلاح ناوم دەبەن، کەچی هەستێکی خۆشە لەسەرووی هەموو خەڵکەوە بیت.











# دروستکردنی مۆم

لە کۆنەوە مۆم کەرەستەیەك بووە بۆ ڕووناکردنەوە، کە لە فتیلێکی لۆکە لەنێو ماددەی شەمعدا پێکدێت و، لەگەڵ گڕگرتنی فتیلەکە، هێواش هێواش ماددە چەورەکە دەتوێنێتەوە و دەبێتە ئاگر و ڕووناکی، لە ئێستادا وەك کەرەستەیەکی جوانکاری و کەشی ڕۆمانسی بەکاردێت، لە زۆربەی شوێنە گشتییەکانی بۆنەو یادەکاندا بەکاردەهێنرێت.


خاتوو یاس، خانمێکە گرنگییەکی زۆر بە مۆم دروستکردن دەدات، زۆربەی بەرهەمەکانیشی لەلایەن خۆیەوە دروست دەکرێت، جوانیی بەرهەمەکانی وایکردووە کە بەشداریی چەندین نمایش و فیستیڤاڵی بازاڕ بکات، ئەو کەرەستانەی دروستیان دەکات، بریتین لە: مۆمی بچووك و گەورە و ڕەنگاوڕەنگ، گوڵدان و مەرکان، کەرەستەی ڕووناکی و جوانکاری، ئێکسسواری جوانی کە لە دیکۆری ماڵدا دادەنرێت، لە دوانمایشی کە لە مانگی ڕەمەزاندا ئەنجامی دابوو، پێی گوتین: کەرەستەکان لە بیرۆکە و کاری خۆمەوە دروست دەکەم، کەرەستەکانم دەستدەکەوێت و منیش بەبێ ئەوەی خوێندنم لەو بوارە تەواو کردبێ، یان پسپۆڕیم هەبێت، لە خۆمەوە فێری ئەو بەهرەیە بووم و تا ئێستا بە سەدان مۆمی جۆراوجۆرم دروست کردوون.





## فێڵکاریی وێنە

لەم وێنەیەدا گلاسێك هەیە، کە خواردنەوە و سەهۆڵی تیادایە، کەچی گلاسەکەش لایەکی بە روونی دیار نییە، بۆ زانیاریتان گلاسەکە تەواوە و نەشکاوە، بەڵام هەوڵبدە راست و دروستیی وێنەکە بزانیت چۆنە!



## پەند و وتە

جۆزێ دی ساوسا ساراماگۆ، نووسەری پورتوگالی، ساڵی (١٩٢٢) لە شاری ئەژینگا لە پورتوگال لەدایکبووە و لە ساڵی (٢٠١٠) کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی راست و هەڵە دەڵێ: راستیی و هەڵە دوو رێگەی جیاوازن بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ کەسانی دیکە، بە مانای ئەوە نییە کە ئەو پەیوەندییانەی خۆمان پێوەری دەکەین بۆ خۆمان، ناکرێت متمانەشی پێبکرێت.



## کچە منداڵێکی وێنەکێشی ناوازە

کچێکی ئوستراڵی تەمەن (١١) ساڵ زۆربەی وێنەکێشراوەکانی دەستی خۆی بە پارەیەکی خەیاڵی بازاڕەکانی وێنەفرۆشتنیان گەرم کردووە، ئەو کچە ناوی (ئیلیتا ئەندرێ)یە، لە تەمەنی (٧) ساڵییەوە هەرچی کوچە و بەشی ماڵەکەی خۆیانی بە وێنە سەیرەکانی نەخشاندووە، تا ئەو کاتەی باوکی کچەکە کەرەستە و تابلۆی وێنەکێشانی بۆ کڕیوە، دوای ئەوەی لە تەمەنی (٩) ساڵیدا تابلۆیەکی لە قوماش و بە چەندین رەنگی جۆراوجۆر کێشا، ئەو وێنەیە بووە جێگەی سەرنجی وێنەکێشان و خاوەن نمایشگاکان، دواتر لە تەمەنی (١١) ساڵیدا وێنەیەکی دیکەی کێشاوە کە بە (٥٠) هەزار دۆلارە فرۆشراوە.




## ماسییەکی چوار پێ

زاناکان لە کاتی گەڕان و لێکۆڵینەوە بە دوای جۆرەکانی ماسیدا، جۆرە ماسییەکیان دۆزییەوە کە چوار پێی هەیە. ئەو ماسییە کە دەستەکانیشی لە شێوەی قاچن، بە (دەست سوور) دەناسرێت و لە باشووری کەنداوی تاسمانیا دۆزراوەتەوە، کە دوو رەنگی هەیە لەوانە سوور و پرتەقاڵی، بەپێی لیکۆڵینەوەکان ئەو جۆرە ماسییە لە سەدەی (١٩) هەمەوە دۆزراوەتەوە و ئێستا ژمارەیەکی کەمیان ماوە، بەهۆی ئەوەی ناتوانن وەك ماسی ئاسایی مەلە بکەن و هەر بۆیە دەبنە نێچیری راوچییەکان.

## بۆ زانـ

### هێماکانی ناو داشبۆردی ئۆتۆمبێل بناسە

**(بەشی دووەم)**

هێماکانی سەر داشبۆردی ئۆتۆمبێل زۆرن، هەندێکیان زۆر سادە و ساکارن کە پێویست بە ڕوونکردنەوە ناکات، بۆ نموونە گڵۆپی ئیشارەت یان بەنزین، بەڵام زۆر هێمای دی هەن کە ماناکانیان نازانین، لە بەشی یەکەم چەند زانیاریمان خستەڕوو، لەم بەشەشدا زۆربەی ئەو هێمایانە دەخەینەڕوو کە ئاماژە بە بوونی هەڵەیەك لە ئۆتۆمبێلەکەت دەکەن، بزانە هەر هێمایەك ئاماژە بە چی دەدات:

١١- گەرم بوونی ئۆتۆمبێل: لە کەشوهەوای سارددا کە بەیانیان ئۆتۆمبێلەکەت داگیرساند، پێویستە بوەستی تا گەرم دەبێت و هێماکە دەکوژێتەوە.

١٢- رێگای شەختاوییە یان لووسە.

١٣- کلیلی هەڵگیرساندنی ئاگر: ئەم هێمایە واتە پێویستیە بە خێراترین کات ئۆتۆمبێلەکەت رابگری، چونکە مەترسیی هەڵگیرسانی ئاگر هەیە.

١٤- کلیل لەسەر ئۆتۆمبێلەکەت نییە: زۆربەی ئۆتۆمبێلە نوێکان زیرەکن و تەنیا بە دوگمەیەك دادەگیرسێن، بەڵام پێویستە کلیلە هەستیارەکەی لێ نزیك بێت. کاتێك ئۆتۆمبێل داگیرساوە و کلیلەکان دوور دەخەیتەوە، ئەم هێمایە هەڵ دەبێت و ئاگادارت دەکاتەوە کە کلیلەکانت لا نییە.

١٥- پاتری کلیلی ئۆتۆمبێلەکەت لاوازە.

١٦- ئاگادارکەرەوەی دووری یان دووری پێو: ئەم



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

کارەکانی داهاتووت بەرەو سەرکەوتن دەچێ و خۆت لە خۆشییەکان بێبەش مەکە. نابێت گشت نهێنییەکانت تەنانەت بۆ نزیکتریت کەست باس بکەیت، لەداهاتوودا پەشیمان دەبیتەوە، لەبەر ئەوەی مەرج نییە ئەو کەسەی خۆی بە هاوڕێیەکی نزیك پیشانت دەدات، بەڕاستی تۆی خۆشبوێت.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

کەسێك مامەڵەیەکی توندت لەگەڵدا دەکات و نیازی وایە خۆی بەسەرتدا بسەپێنێت، داوای لێبوردن لەو کەسە بکە کە دڵت شکاندووە، هەرچەندە ئەو زۆر تۆی خۆش دەویست، بەڵام بەهۆی لەیەك تێنەگەیشتنێکی بچووك پەیوەندیی نێوانتان کۆتایی پێهات و ئێستا کاتی ئاشتبوونەوەیە.



**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ ژیانی رۆژانەت دەکەیت، بەڵام پێویستە وریا بیت لە کێشەکانت، دەبێت خۆت بپارێزی لە تووڕەبوون، ئەم ماوەیە هەست بە ماندووبوون دەکەیت و زۆر شت دێنە سەر رێگات کە پێویستە بە ئارامی سەرنجیان بدەیت، لەوانەیە لەگەڵ هاوڕێکانت گەشتێك ئەنجام بدەن.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

هەستت وایە دڵی کەسێکت شکاندووە و ئەویش چونکە خۆی هۆکار بوو. سەرکەوتنێکی گرنگ بەدەست دەهێنیت، یان کارێکی گرنگ ئەنجام دەدەیت ودەبێتە جێگای سەرنج ودەستخۆشیت لێدەکرێت، ئەمەش هۆکارێك دەبێت بۆ بەردەوامی و بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

دڵنەوایی کەسانی دیکە بکە و هەستیان پێ بکە، بەتایبەت ئەوانەی لە دەوروبەرت دەژین. ماوەیەکی زۆرە چاوت بە خۆشەویستەکەت نەکەوتووە و بیری دەکەیت، ئەویش بە هەمان شێوە بیرت دەکات، ئەو دوورییە زۆر ناخایەنێت و لەوانەیە لەکاتێکی نزیکدا یەکتر ببینن.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

پێویستیت بە ئارامبوونەوەیە هەیە، چونکە ماوەیەکە ئەو کێشەیە تەواو ماندووی کردووی، لەوانەیە ئەم هەفتەیە زۆر خۆش نەبێت بە بەراورد لەگەڵ هەفتەکانی تر، ئەمەش بەهۆی چەند گرفتێکی بچووکەوە، هەرچەندە چارەسەرکردنیان ئاسانە و دەتوانی بە ئاسانی ئەو گرفتانە چارەسەر بکەیت.



## کاریکاتێر

لـەم کاریکاتێـرەدا بـاس لـە کاریگەریـی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و بەتایبەت تەلەفزیۆن لەسـەر تاکەکانـی کۆمەڵگـە دەکات، ڕۆژێـك دێـت هـەر تاکێـك بـە گـەورە و بچووکـەوە تەلەفزیۆنێکـی تایبـەت بـە خـۆی دەبێـت و تیایـدا سـەیری ئـەوەی مەبەسـتیەتی دەکات.



# پوختەی فیلم

**ئەرکە ئەستەمەکە**

Mission: Impossible – Fallout -

یەکێکـە لـە فیلمـە بـە جۆشـەکانی ئەکتـەری نـاوداری ئەمریکـی تـۆم کـرۆز، بـە شەشـەم فیلمـی زنجیـرە فیلمەکانـی ئەرکـە ئەسـتەمەکە دادەنرێـت، بـاس لـە تیمەکـەی تـۆم کـرۆز دەکات لـە پێشـبڕکێیەك دژی کات، فیلمەکـە لـە جـۆری (ئەکشـن)ە و لـە وڵاتـی بەڕازیـل وێنـەی گیـراوە، لـە دەرهێنانـی (کریسـتۆڤەر ماکوایـەر)ە، بەرهەمهێنانـی لەلایـەن کۆمپانیـای (پارامۆنـت پیکچـەر و بـاد ڕۆبـۆت پرۆدەکشـن و سـکایدانس میدیـا) یـە. مـاوەی فیلمەکـە (٢ کاتژمێـر و ٧) خولەکـە، یەکێکـە لـە فیلمـە تـازەکان و پێشـبینی دەکرێـت کاندیـد بێـت بـۆ وەرگرتنـی خەڵاتـی ئۆسـکاری (٢٠١٨).




کەسێك دەچێتـە لای دکتـۆر و دەڵـێ: دکتـۆر تووشـی نەخۆشـیی بیرچوونـەوە بـووم، زوو زوو شـتم لـە بیـر دەچێـت، تەنانـەت هەنـدێ جـار نـاوی خۆیشـم نازانـم؟ دکتۆریـش دەڵـێ: لـە کەیـەوە تووشـی ئـەو نەخۆشـییە بووی؟ ئەویش دەڵـێ: نەخۆشـیی چـی، دکتـۆر کـێ نەخۆشـە؟!

## ســیاریت



تایبەتمەندییـە بەشـێوەیەکی ئۆتۆماتیکـی دووری تـۆ لەگـەڵ ئۆتۆمبێلـی بەرانبـەرت دیـاری دەکات و ناهێڵێـت لـە مـەودای دیاریکـراو زیاتـر نزیـك بکەویتـەوە.

ئەم تایبەتمەندییە لە کاتی گەشتکردن و ڕێگا دوورەکان بۆ پشوودان، یان لە ناوشار بەکاردێت.

ئەگـەر ئۆتۆمبێلێکـت لـە پێـش بێـت و ئـاگادار نەبیـت، ئۆتۆمبێلەکـەت بـە هـۆی هەسـتیارەکان بـە شـێوەیەکی ئۆتۆماتیکـی دەوەسـتێت، یـان خێراییەکـەی کـەم دەکاتـەوە، بـە گوێـرەی بارودۆخەکـە.

١٧- پـێ بنـێ بـە بەنزیـن لەکاتـی ئیشـپێکردنی ئۆتۆمبێـل.

١٨- پـێ لەسـەر ئیسـتۆپ دابنـێ لەکاتـی گۆڕینـی گێـڕ، ئـەم هێمایـە تەنیـا لـەو ئۆتۆمبێلانـە هەیـە کـە گێـڕ ئۆتۆماتیکـن.

١٩- سوکان قوفڵ دراوە.

٢٠- لایتی بەهێز (Full Light).



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بڕیارەکانـت لـە ئاسـت پێویسـتیی ژیانـی خۆتـدا نیـن، هەوڵبدە داوا لـە کەسێك بکەیت، تـا یارمەتیت بـدات، دوای چاوەڕوانییەکـی زۆر ئـەم هەفتەیـە دەرگای بەختـت دەکرێتـەوە و هەواڵێکـی خۆشـت پێـدەگات سـەبارەت بـەو کارەی ماوەیەکـی زۆرە چاوەڕوانـی دەکـەی، لـەو کارە نوێیـەدا سـەرکەوتوو دەبیـت و ئایندەیەکـی باشـی هەیـە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ماوەیەکـە بـڕوات بـە خـۆت نەمـاوە و وا دەزانـی کارەکانـت بـۆت جێبەجێ ناکرێ، بۆیـە بێ هیـوا مەبـە، کاتێـك هەندێ شت دەبینیت کە بە پێچەوانـەی خواست و ئارەزووەکانـی تـۆن، ڕۆژێـك دێـت دەبێتـە خاوەنـی ئـەو شـتانەی خەونـی پێـوە دەبینـی، گرنـگ ئەوەیـە بـەردەوام بیت لـە هەوڵـدان و ڕەشـبین نەبیـت.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

لـە ڕادەبـەدەر گرنگـی بـە هەسـت و سـۆز دەدەیـت، کاتێـك دەگەیتـە ئامانجەکـەت، ئەوکاتـە دەزانـی تەنیـا سـۆز گرنـگ نییـە. ئێسـتا پەیوەندیـت لەگـەڵ نزیکتریـن کەسـت وەك جـاران بەهێـز نییـە و یەکترتـان زۆر خـۆش ناوێـت، لەداهاتـوودا هەسـت دەکـەن هەڵەتـان کـردووە و خۆزگـە دەخـوازن بـە ڕۆژە خۆشـەکانی پەیوەنـدی نێوانتـان.



### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

مەهێڵـە کەسـانی دیکـە بەشـداریی کارەکانـت بکـەن و تەنیـا ئەوانـە نەبـێ کـە جێگـەی متمانـەی خۆتـن، سـەرنج و ڕوانینـت سـەبارەت بـە زۆر بـواری گرنگـی ژیـان گۆڕانـکاری بەسـەردا دێـت، هەسـت دەکـەی لەنـاکاو گۆڕانـکاری گـەورە لـە ژیانـت ڕوو دەدات، نیگـەران مەبـە و دڵنیابـە ئەمـە لـە بەرژەوەنـدی خۆتدایـە.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

هەوڵـی تازەکردنـەوەی ژیانـی خـۆت بـدە، ئـەوەش پێویسـتی بـە کاتـە و دەبـێ لەسـەرخۆ ئـەو کارە بکەیـت، بـە شـێوەیەك کـە چاوەڕوانـت نەدەکـرد، سـەرکەوتنێکی گرنـگ بەدەسـت دەهێنیـت و دەبێتـە هـۆی ئـەوەی هەسـت بـە خۆشـییەکی بـێ وێنـە بکەیـت، ئەمـەش یارمەتیـت دەدات کـە لـە ئاینـدەدا زیاتـر گەشـبین بیـت.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

هەمـوو کات کاری چاك دەکەیت، بەڵام بە خراپە بـۆت دەگەڕێتـەوە. چەنـد زانیاریەکـی نـوێ دەزانیـت و دەبێتـە هـۆی ئـەوەی زۆر نهێنیـت بـۆ ئاشـکرا بێـت، کـە پێشـتر پێتوابـوو بـە ئاسـانی ناتوانـی پێیـان بگـەی. کەسـی بەرامبـەرت هێشـتا تـۆی مەبەسـتە و چاوەڕێتـە.